ناوەندی راگەیاندنی

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

# راپۆرتی کومیتەی ناوەندیی

## بۆ کۆنگرەی ١٣ی

## کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

پێشکەشکار: عومەر ئێلخانیزادە

# پێڕست:


(1

رِاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی

بۆ کۆنگرەی ١٣ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

(2

بەیاننامەی کۆتایی

سێزدەهەمین کۆنگرەی کۆمەڵە

# ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی بۆ کۆنگرەی ١٣ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

پێشکەشکار: عومەر ئێلخانیزادە

**میوانە خۆشەویستەکان، هاوڕێیانی بەشداربوو لە کۆنگرە**

لە لایەن خۆمو هەموو هاوڕێیانی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەوە پڕ بە دڵ بەخێرهاتنتان دەکەمو هیوادارم کۆنگرەیەکی سەرکەوتوومان هەبێ. دڵنیام کە هەموومان بەرژەوەندیی باڵای کۆمەڵەو خەڵکی کوردستان ڕەچاو دەکەینو هاوڕێیانە بۆ دەوڵەمەندکردنی باسەکانی کۆنگرەو روونی لە سیاسەتەکانی داهاتووماندا حەول دەدەین. ئیجازەم بدەن لە لایەن هەموو ئێوەشەوە سڵاو بنێرم بۆ بنەماڵەی شەهیدانو ڕێزی خۆمان بۆ خەباتکارانی ناو زیندانەکان دەربڕم. سڵاو دەنێرین بۆ تێکۆشەرانی کۆمەڵە لە ناوەوەی کوردستانو هەروەتر سڵاو لە خەڵکی خەباتکاری کوردستان کە هەمیشە پشتو پەنای ئێمە بوون.

**سیمای جیهانی ئەمڕۆ**

لە کۆنگرەی پێشوو، پتر لە چوار ساڵ لەوە پێش، گوتمان شەڕی سارد لە قازانجی دونیای رۆژئاوا کۆتایی پێهاتووە، باسمان لەوە کرد کە لە باری ئابووریو سیاسییەوە دونیای یەک جەمسەری سەری نەگرتووەو بەستێنی کێشە سەرەکییەکانی ئەم جیهانە هەر ماوەو ململانێی زلهێزەکان بەردەوامو روو لە زیادبوونەو سیمای سیاسی جیهان ناتوانێ ئیتر تەنانەت لە باری نیزامیشەوە یەک جەمسەری بمێنێتەوە.

پێشبینیمان کرد ئاڵۆزییو شەڕی ناوچەیی پەرەدەستێنێو قەیرانی ئابووریی جیهانی کاریگەری گەورە دادەنێو رەوتی عەداڵەتخوازو دێمۆکراسیخواز بەهێزتر دەبێ. ئێستا هەموومان رووداوەکانی ئەم چوار ساڵەو دیاردەکانی ئەم ماوەیەمان بینیوە. ئەورۆ قەیرانی ئابووری جیددی وڵاتە سەنعەتیەکانی گرتۆتەوە، ململانێی زلهێزەکان لەم بوارەدا زیادی کردوەو روو لە هەڵکشانە. چۆنیەتی دەستڕاگەیشتن بە کەرەسەی خاوو وەدەستهێنانی بازاڕ بوونەتە جێگای ململانێی گەورە. بە هەڵە نەچووین ئەگەر بڵێین شەڕی سارد بە جۆرێکی دیکە دەستی پێکردوەتەوە. ئەورۆ چین بۆتە دووهەمین هێزی ئابووریی جیهانییو رەوتی گەشەی لە سەرەوەی هەموو وڵاتانە. روسیەو چین بە ئاشکرا ریزبەندییان لە دژی رۆژئاوا هەیەو تا دێ دیاردەکانی دەورانی شەڕی سارد خۆی دەنوێنێو سازدانەوەی بە روونی دەبیندرێ. خۆرئاوا بە سەرکردەیی ئامریکا تێدەکۆشی تا بازاڕی وزەی جیهانی زیاتر بێنێتە ژێردەستی خۆیو بەربەست لە بەرانبەر ئابووریی چینو وڵاتانی دیکە دابنێ.

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر لە دەورەیەکدا هێزە سۆسیالدێمۆکراتەکانی ئوروپا یەک بە دوای یەکدا نەیانتوانی لەسەر دەسەڵات بمێننەوە، ئێستا لە فەرانسە سۆسیال دێمۆکراتەکان بوژانەوەیەکی نوێیان بەخۆوە بینیوەو پێدەچی لە ئاڵمانو چەند وڵاتی دیکەش دەنگی تەواو بێننەوە بۆ وەدەستگرتنەوەی دەسەڵات. رەوتو مەیلێکی دیاری کۆمەڵایەتی بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتو نواندنی ئیرادە لە بەڕێوەبردنی ژیانی سیاسیو ئابووریی کۆمەڵگادا، گەشەی بەرچاوی بەخۆوە دیتوە. بزوتنەوەی واڵ ستریت بە دژی سیاسەتی ئەورۆی سەرمایەداریی رەهاو رووداوەکانی یۆنانو ئیسپانیا، نمونەن بۆ نمایشی ئەم ئیرادەیە لە ناو

جەماوەردا. کۆبوونەوەی ئیعتیرازیی کرێکاران‌و خەڵکی کەمدەست‌و چەوساوە لە شارە گەورەکانی ئوروپاو گوشارخستنە سەر دەسەڵات لە شەقامەوە، بۆتە دیاردەی ئاسایی ئەوڕۆو کاریگەریی گەورەی هەم لەسەر سیاسەتوانان‌و، هەم لە ناو جەماوەردا داناوە. پێوەندیی دەسەڵات‌و جەماوەر، یان بە واتەیەکی دیکە چۆنیەتی بەشداریی کۆمەڵگا لە بڕیارەکانی دەسەڵاتدا، خەریکە مەیدانی نوێ‌و بابەتی رۆژی بۆ دەکرێتەوەو بۆتە داخوازییەکی نوێ لە پاڵ سیستەمی پارلەمانتاریی ئەوڕۆییداو، حەولێکی بەرچاوە بۆ بەرینکردنی دێمۆکراسی.

گەشەی فەرهەنگ‌و زانستی بەشەری ئەوڕۆ، شۆڕشی بەردەوامی ئەنفۆرماتیک، خواستی رێزدانان بۆ کەسایەتی تاک لە کۆمەڵگاداو هاسان بوونەوەی پێوەندیی چڕوپڕی ئینسانەکان پێکەوە لە رەگەزو رەنگ‌و میللیەتی جیاوازەوە، گۆڕانکاریی گەورەی لە زەینی مرۆڤی ئەو سەردەمەدا پێکهێناوەو خۆشەویستی ئینسانەکانی بۆ یەکترین زیاد کردوە. لە پاڵ هەموو ئەوانەدا، رەوتی دێمۆکراسیخوازو خوازیارانی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی‌و رەوەندی ئاشتی تەڵەبی، پەرەیسەندوەو بۆتە تەوژمێکی بەهێزی ناو کۆمەڵگای جیهانی‌و بە مسۆگەری کاریگەریی بەرچاو لەسەر جیهانی مرۆڤایەتی دادەنێ.

ئەم هەموو ململانێ‌و کێشەو گۆڕانکارییانە هاوکات لەگەڵ بوحرانی ئابووری بەرین لە وڵاتانی گەورەی سەنعەتی خۆرئاوا، لە لایەک دەستی زلهێزەکانی لە زۆر بواردا کورت کردۆتەوەو نیگەرانی کردوون‌و، لە روویەکی دیکەشەوە، کێشەی نیوانیان لەسەر بازاڕو کەرەسەی خاو زیادی کردوە. ئەو واقعیەتە مەترسی پەرەسەندنی شەڕی ناوچەیی لە جیهاندا زیاتر دەکات. لە هەمانکاتدا بە هۆی هەڵکەوتەی ئابووریی‌و جوغرافیاییەوە کاریگەری گەورە دەخاتەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و

راستەوخۆ رەنگدانەوەی دەبێ لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دەورەیەی ئەو ناوچەیە.

**رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو دەوری لە ئابووریو ململانێی جیهانیدا**

هەموومان دەزانین کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێک لە کانگا هەرە گەورەکانی وزەی جیهانییەو، ئێستا بۆتە مەیدانی زۆرانبازیی زلهێزەکان. لە هەمانکاتدا ئەم ناوچەیە بۆتە ناوەندی ئیسلامی سیاسیو لەم دوو دەیەی دواییشدا مەیدانی تێرۆریسمو شەڕی ئایینی بووە. تەنیا ناوچەیەکیشە لەم جیهانەدا کە هێشتا زۆرینەی دەسەڵاتدارانی ملکەچی دیمۆکراسی نینو کۆنەپەرەستترین رژیمە دیکتاتۆرو مەزهەبییەکانی سەر گۆی زەوی، لێرەدا درێژە بە ژیانو دەسەڵاتیان دەدەن. ئەم ناوچەیە ئاڵۆزترین بەشی جیهانەو بۆتە مەکۆی شەڕو تەقینەوەی کۆمەڵایەتی. ناوچەیەکە کە ساڵیانێکی دورودرێژە بە هۆی ناسەقامگیریو نائەمنییەوە سەرمایەگوزاریی تێدا نەکراوەو، خەڵکەکەی لە فەقیریو نەدارییو دواکەوتویی ئابووری وفەرهەنگیو کۆمەڵایەتیدا راگیراون. کێشەی نەتەوەیی کورد، وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە جیهاندا، لە چوار وڵاتی گرینگی ئەم بەشە لە جیهان چارەسەر نەکراوەو بزاوتێکی گەرموگوڕو بەهێزیش بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی کورد لە ئارادایەو بە بێ چارەسەری ئەم پرسە، ئارامیو سەقامگیری لەم وڵاتانە قەت بەدی ناکرێ. کێشەی کۆنی فەلەستینو ئیسرائیل دوای پتر لە شەست ساڵ، هێشتا دڵۆیەکی گەورەیە لە نێوان وڵاتانی عەرەبیو ئیسراییلدا. هێشتا مەیدانێکی هەمیشە ئامادەیە بۆ هەڵگیرسانی شەڕ لەو ناوچەیە. لە هەلومەرجی قەیرانی ئابووری ئەوڕۆی جیهاندا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوسەنگییەکی گرینگی

هەیەو بۆیە جیا لە ململانێی سیاسی ڕەوتە ناخۆییەکانی ناوچەیی، بۆتە مەیدانی ململانێی زلهێزەکانی جیهانی سەرمایەدارییش بە جۆرێک کە، دەستیان کێشاوەتە ناو ریزبەندی سیاسی ناوخۆیی ئەو بەشەی جیهانو تەنانەت بە هێزی نیزامیش حوزوری خۆیان مسۆگەر کردوە. هەموو دیاردەکان ئاماژەن بۆ ئەوە کە نەک هەر لە حەولی پرچەک کردنی لایەنە جۆربەجۆرە سیاسیەکاندان، بەڵکوو قورسایی هێزی نیزامی خۆشیان زیاترو زیاتر دەکەن. ئەو راستییانەش پێماندەڵێ کە پێشبینیو مەترسییەکانی ئێمە لە کۆنگرەی ١٢ لەمەڕ پەرەسەندنی شەڕو بشێوی لەو مەنتەقەیە، زۆرتر لە جاران کەوتۆتە بەر چاوو بۆتە واقعیەتێک کە هەڕەشەی جیددی دەخاتە سەر ئەمنیەتو ئاسایشی هەموو خەڵکو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئەورۆ حکومەتو ڕەوتە سیاسیەکانی ناوچەکە، بە زۆریی لە بن چەترو رواڵەتی مەزهەبو دوو ڕەوتی سوننیو شیعە، ریزبەندی سیاسیان پێکهێناوە. ئامریکاو وڵاتانی رۆژئاوا بە ئاشکرا پاڵپشتیی لە ڕەوتی ئیسلامی ناوەندگەرا بە سەرکردایەتی تورکیە دەکەن. هاوپەیمانیی ئێران، عێراق، سوریەو لوبنان بە کۆکردنەوەی هەموو بزاوتی گروپە ئیسلامییەکانی شیعە بە پشتیوانیی روسیەو چین لە لایەکو، لە لایەکی دیکەوە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیو تورکییە بە کۆکردنەوەی ڕەوتە ئیسلامییە سوننەکانو بە پشتیوانی ئامریکاو وڵاتانی رۆژئاوا، دوو جەمسەرییەکیان پێکهێناوەو لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە زۆری روکێشی مەزهەبییان بەسەردا داوە تا خەڵک لە ژێر چەتری مەزهەبدا بخەنە گیانی یەک وبەمجۆرە خۆیان بۆ شەڕو پێکدادانەکانی ناوچەیی تەیار دەکەن. زۆر چاودێری سیاسی پێیانوایە کە بە شێوازێکی دیکە ململانێی دەورەی عوسمانیو سەفەوی خەریکە دووپات دەبێتەوەو

هەندێکی دیکەش دەڵێن ململانێکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە کێشەو زۆرانبازییەکی نێونەتەوەیی کە نەک هەر کانگاکانی کەرەسەی خاوی تێدا دابەش دەکرێتەوە، نەخشەی جوغرافیای ناوچەکەشی تێدا دادەڕژێتەوە. بە بڕوای ئێمە هەرتکی ئەم لێکدانەوانە راستی زۆریان تێدایە. بشێوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە زۆریی بەستراوەتەوە بە کێبڕکێی نێونەتەوەییو بەرینبوونەوەی بەستێنی شەڕی ناوچەیی. زلهێزەکان جیا لەوەی بازاڕێکی گەورە بۆ فرۆشی چەک پێکدێنن، لە حەولدا دەبن تا هێزی ناوچەیی گەورەو مەترسیدار لە بەرانبەر خۆیاندا نەهێڵنو مەودای بەبەرەکانیٚ لە هەموو دەوڵەتە بەهێزەکانی ناوچە بستێننەوەو ریزبەندی سیاسی لە قازانجی رۆژئاوا بگۆڕنو، هەلومەرجێک بڕەخسێنن تا ئارامیو ئەمنیەت بۆ وەگەڕخستنی سەرمایە پێکبێت. بۆ ئەو مەبەستە ئیتر وەک دوای شەڕی جیهانی یەکەم نەک هەر دەستوەردان لە جوغرافیای مەنتەقەکە بۆیان بقە نییە، بەڵکوو لە زۆر بواردا لە قازانجی خۆیانی دەبینن. دیتنی ئەو گۆڕانە سیاسییانە دەتوانیٚ یارمەتیدەرمان بیٚ لە لێکدانەوەی هەلومەرجەکەو داڕشتنی سیاسەتی دروست لەبارەیەوە.

## بزوتنەوەی جەماوەریی وڵاتانی عەرەبی

ئەوەی بە ناوی بەهاری عەرەبی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو باشوری ئافریقا رویدا، نیشانیدا کە تا چەندە خەڵکی ئەم ناوچەیە تینوی دێمۆکراسینو چەندەش لە دەسەڵاتداران بێزراوو ناڕازین. رادەی بیٚ پێگەبوونی ئەو دەسەڵاتدارانەو لە هەمانکاتدا، میزانی بیٚ بەزەیی بوونیان، حاشا هەڵنەگرو روون بوو. لە روویەکی دیکەوە دەرکەوت کە زلهێزەکانی جیهانی کە تا دوێنیٚ هاوپەیمانی ئەو دیکتاتۆرانە

بوون، چۆن لە شەوو ڕۆژێکدا پشتیان تێکردن، ئەو سیاسەتەیان نەک بەخاتری دێمۆکراسیخوازی، بەڵکوو لەبەر ئەوەی بتوانن سواری شەپۆلەکە بن، گرتەبەر. پەندێکی دیکەی بەهاری عەرەبی ئەوە بوو کە هاتوهاواری دێمۆکراسیخوازیی زلهێزەکان بۆ ئەوەندە بوو تا خۆیان لە شەپۆلی رقو تورەیی جەماوەر لادەن، چونکە هاوکات لەگەڵ ئەو هاوارانە ژێربەژێر خەریکی سازان لەگەڵ رەوتە دژە دێمۆکراتەکانی وەک" ئیخوان" بوونو هاسانکارییان بۆ دەکردن بێنەسەرکار بەو شەرتەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان پارێزراو بێت.

ئەورۆ دەبینین کە ئەم دەسەڵاتە تازانە هەر لە یەکەم مانگەکانی هاتنە سەرکاریان، بە زەقی دژایەتی خۆیان بۆ داخوازییەکانی خەڵکی ڕاپەڕیو دەرخست. دەبینین کە رقو تورەیی لە دیاردەی دزێوی سەرمایەداریی رەها کە بۆتە هۆی پاشکەوتویی فەرهەنگیو ئابووری لەم ناوچەیە، ئەگەر بوو بە مایەی هاتنە سەرکاری ئەو دەسەڵاتانەی ئەورۆو پێگرتنی پتری رەگەیەک لە ئیسلامی سیاسی، چەند بە خێرایی لە تۆنێسو میسر ئەو رەوتە روو لە هەڵگەڕانەوەیەو جەوهەری شۆڕشی جەماوەرو داخوازییەکانیان وەک کوانوی کپکراوی نەکوژاوە، بڵێسەی هەڵگیرسانەوەی دەبیندرێ. گومانی تێدا نییە تەوژمی راستەقینەی بەهاری عەرەبی بەردەوام دەبێو دەبێ چاوەڕوانی ململانێی قوڵتری رەوتە سیاسیە دژبەرەکان بین. نەک هەر لەو وڵاتانەی گۆڕانیان تێدا پیکهاتووە، بەڵکوو هەموو وڵاتەکانی دیکەی ناوچەش ئاوسانی ئاڵوگۆڕی جیددین. ئەم ئاڵوگۆرانە لە ساڵانی نزیکی داهاتوودا تێکەڵاوی شەڕو بشێوی ناوچەیی دەبێ. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تورە لە دیکتاتۆری، تینووی سەرمایەگوزاریو خوازیاری دێمۆکراسی، خەریکە بەرەورووی سەختترین دەورانی حەیاتی دەبێتەوە کە لە دوای شەڕی

جیهانی یەکەمەوە تا ئێستا بەخۆوەی نەدیوە. کێشەی توندی قودرەتە جیهانیەکان لەسەر بازاڕو نفوزو دابەشکردنی وزەی ئەم مەنتەقەیە بەڕێوەیەو، کار دەکاتە سەر هەموو ململانێ سیاسییە ناوخۆییەکانیش. کۆماری ئیسلامی ئێران لایەنێکی گرینگی ئەو کێشانەیەو چارەنووسی ئەم رژێمەو داهاتووی ئێران لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتدا دیاری دەبێ‌و چۆنیەتی هەڵوێستی هێزە سیاسییەکان‌و ئەوەی لە گۆڕانکارییەکاندا بە کام لایەندا دەڕۆن، جێگایان لە ناو خەڵک‌و کێشەکاندا دەخاتەڕوو. ئەوەی نکوڵی لێناکرێ ئەو راستیەیە کە تەوژمەی ناوی بەهاری عەرەبی لێنرا، بەردەوام دەبێ‌و سیمای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک خۆی نامێنێ.

## هەلومەرجی سیاسی ئێران‌و داهاتووی

ناوخۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌و کەشوهەوای سیاسی لەم چوار ساڵەدا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. ئابووری ئێران بەرەو دارمانی زۆرتر هەنگاوی ناوە. زۆریک لە کارخانەکانی بەرهەمهێنەر بە هۆی نەبوون یان گرانبونی کەرەسەی خاو داخراون. بە پیی ئاماری دەوڵەتی یەک لەسەر سێی ئەو کارخانانە بە تەواوی لە کار کەوتوون. گەمارۆ ئابوورییەکانی وڵاتانی رۆژئاوا کاریگەریی جیددی داناوەو، بە تایبەتی گوشاری بۆ سەر ژیانی خەڵک زۆر کردوەو گرانی ڕۆژانە روو لە هەڵکشانە. دراوی ئێران بێ بەها بووەو دۆلار لە بەرانبەر تمەن لە سنوری ۴۰۰۰ تمەن تێپەڕیوە. هەر ئێستا هەناردەکردنی نەوت بە ڕێژەی رۆژانە یەک میلیۆن بۆشکە کەمی کردوەو ئەوەش دەوری گرینگی دەبێ لە پەستان خستنە سەر ئێران. سپای پاسداران بە زۆریی هەموو داوودەزگا ئابورییەکانی هێناوەتە ژیر دەستی خۆی، تەنانەت بە کڕینی شیرکەتی موخابەراتی ئێران، دەستی بەسەر تەلێفون‌و ئینترنێتیشدا

گرتوه. کێشەی ناوخۆیی دەسەڵات زیادی کردوە بە جۆرێک کە پاوانخوازانی پێشوو کە لە بەرەیەک دابوون، ئێستا وەک دوو بەرەی دژبەر پێکەوە دەدوێن. پاسداران هەم ئابوورییان بە دەستە، هەم دەزگاو ناوەندەکانی سیاسەت لە دەستیان دایەو هەم هێزی نیزامییان پێیە. ئەوە پێناسەیەکی تایبەتی بەم رژێمە بەخشیوە.

بە ناو ئیسلاحخوازانی ئیسلامی کە دەیانەویست کێشەی دەسەڵات لە ناوخۆی رژیم چارەسەر بکەن، شکستیان هێناوەو، ناتوانن ئیتر وەک لایەنێکی دەسەڵات بڕوانە خۆیانو لە ناو خەڵکیش ئیعتیباری جارانیان نەماوە. ئەوان هەموو حەولیان ئەوە بوو تا ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی بمینێتەوەو بە هەندێک دەسکارییەوە بکرێ تەمەنی درێژتر بکەن کە، تێیدا مانەوەو ناسەرکەوتوو بوون.

**بزوتنەوەی دیمۆکراسیخوازییو کردەوەی ڕەوتی بە ناو ئیسلاحخواز**

نزیکەی سێ ساڵ لەوە پێش بزوتنەوەی ناڕەزایی خەڵک بە بەرینی هاتە مەیدان. بە میلیۆن خەڵک ڕژانە سەر شەقامو زۆر بە خێرایی دروشمەکان گۆڕانو، راستەوخۆ روویانکردە دەسەڵاتدارانی پاوانخوازو مەرگو نەمان بۆ دیکتاتۆر بوو بە داخوازییان. دەتوانین بڵێین ئەم بزوتنەوەیە هەموو بنەماکانی کۆماری ئیسلامی هێنایە ژێر پرسیار، ترسی خستە نێو دڵی کاربەدەستانو هیوایەکی گەورەی لە دڵی جەماوەردا پێکهێنا. ڕەوتی بە ناو ئیسلاحخوازی ناو حکومەت کە هەستی بە ناڕەزایی پەنگخواردووی جەماوەر کردبوو ویستی لەو دەرفەتە کەڵک وەربگرێو بەر بە پیلانی وەدەرنانی یەکجارەکی خۆی لە حکومەتدا بگرێو بە هیوا بوو تا بە بەدەستەوەگرتنی جڵەوی ئەم بزاوتە، سەرەوە مەجبور بکات بە سازان لەگەڵ خۆی. مەخابن بە

هۆی بێ هێزیی‌و نائامادەیی باقی ئۆپۆزیسیۆن، ڕێبەرایەتی‌و وتەبێژیی بزوتنەوەی دیمۆکراتیکی خەڵک کەوتە دەست بەناو ئیسلاحخوازان لە دەرەوەو ناوەوە. بۆ ئەو مەبەستەش مێدیای بەهێزی وەک بی. بی. سی‌و دەنگی ئامریکا بە هانایانەوە هاتن‌و دەوری سەرکییان هەبوو. وڵاتانی رۆژئاوا هیوای زۆریان لەسەر ئیسلاحخوازانی سەوزپۆش هەڵچنی‌و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش بەشێکیان کەوتنە شوێنیان‌و تەنانەت لە کوردستانیش مەیلی بەرەو ئیسلاحخوازان هاتە ئاراوەو دنەی خەڵکیان دەدا تا پشتیان بگرن، بەڵام وشیاریی خەڵکی کورد زۆر لەوە زیاتر بوو بکەوێتە ئەو داوە.

زۆر زوو دەرکەوت کە رابەرانی ئیسلاحخواز جیا لە کۆماری ئیسلامی ئاڵترناتیڤێکی دیکەیان نییە. خوازیارانی رووخانی کۆماری ئیسلامییان بە "ساختارشکێن" ناودێر کرد. حەولی تەواوی خۆیان خستەگەڕ تا لەگەڵ دەسەڵاتی پاوانخواز بسازێن‌و وەفادارییی خۆیان بۆ رابەری کۆماری ئیسلامی بسەلمێنن. ئەو هەڵوێستە نابارە کەلەبەری جیددی خستە ناو ئەوان‌و جەماوەر. زۆرینەی خەڵک بۆیە هاتبوونە سەر شەقام تا کۆماری ئیسلامی بڕوات، بۆیەیان نەبوو ببنە مایەی سازان‌و بە دەسەڵات گەیشتنی سەرانی ئیسلاحخواز. ئەم هەڵوێستە خەڵکی ناهومێد کردو کۆماری ئیسلامیش بە باشی هەلەکەی قۆستەوە، گوشاری لەسەر خەڵک زیاد کردو دەستی دایە کوشت‌و بڕ‌و، دەستی بەیعەت‌و وەفای سەرانی ئیسلاحاتیشی رەدکردەوەو زۆرێک لە سەرانی ئیسلاحخوازی راپێچی زیندان کرد. ئەو واقعیەتانەو بە تایبەتی چۆکدادانی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن بۆ جەنابانی سەوزپۆش، هەم کەلەبەری خستە ناو ئۆپۆزیسیۆن‌و هەم تۆوی ناهومیدی چاندە ناو دڵی خەڵکی ناڕازی.

به دوای ئەوەدا بزاوتی خەڵک لە ئێران تووشی نوشستو کزبوون هات، حکومەت هار بوو و دەستی کرد بە سەرکوتو سیاسەتی ترسو تۆقاندن. بەمجۆرە بزوتنەوەیەکی کە کاریگەریی گەورەی هەبوو و هیوای درزست کردبوو، نیشتەوە. بەڵام دەبێ تەئکید بکەینەوە هەموو ئەو بەستێنەی کە نارەزایی لە ناو ژنان، کرێکاران، لاوان، ئازادیخوازانو خەڵکی بێکار و. . . هەڵخراندبوو، ئەو داخوازییانەی کرێکارانو بێکارانی هێنابوە مەیدانو چالاکانی کرێکاریی ئێستاش لە زیندانەکاندا حەولی بۆ دەدەن، ئەو خەباتەی کە یەک میلیۆن ئیمزای ژنانی پێ کۆکراوە، نارەزایی گەلانی کورد، عەرەبو بەلووچو تورکمەن لەو کوشتارو سەرکوتەی دەرحەقیان ئەنجام دراوەو، بزاوتی خوێندکارانو وێبلاگنووسانی لاوی، لێکەوتەوە، بەرینتر لە جاران ماوەتەوەو رقو تورەیی جەماوەرو ئاواتی وەدەستهێنانی داخوازیەکانیان دانەمرکاوەو بە دڵنیایی بە شێوازی نوێو لە بزوتنەوەی دیکەداو نەک بە سیاسەتی ئایەتوڵلاکانی سەوزپۆش، سەرهەڵدەداتەوە. گەمارۆی ئابوری، سیاسەتی تاڵانو برۆی رژێمو دەزگا بەهێزەکانی حکومەت، خراپتر بوونی باری ئابوری، سیاسەتی شەرئەنگێزیی ئەو رژێمە بە تایبەتیی لە ناوچەی کەنداو و، پەرەسەندنی کێشە ناوخۆییەکانو سەرکوتی خەڵک لە دەربرینی ئیرادەی خۆیان، هیچ چارێکی غەیری راپەرین بە مەبەستی روخانی رژێم، بۆ گەلانی ئێران نەهێشتۆتەوە.

لە بواری سیاسەتی دەرەکیش لەو ناوچەیە لەم دەیەی دواییدا بە هۆی سیاسەتە غەڵەتەکانی ئامریکاوە لە عێراقو ئەفغانستان لە لایەک و، لەم دواییانەشدا لە باقی وڵاتانی رۆژهەڵات، رژێمی ئیسلامی ئێران توانیویەتی ببێتە میحوەرێک بۆ پێکەوە لکاندنی هەموو ئەو رەوتە تێرۆریستیو ئیسلامییانەی ناوچەکە. ستراتێژی کۆماری ئیسلامی

دنەدانی شەڕە لە دەرەوەی سنورەكانی خۆی تا بەمجۆرە قەیرانی ناوخۆیی داپۆشێ. بەم سیاسەتە هەم ترسی خستۆتە دڵی وڵاتە بچكۆلە دەوڵەمەندەكانی دەوروبەری كەنداو، هەم تۆڕێكی تێرۆریستی بەهێزی لە ناوچەكەدا دروست كردووە، هەم لە حكومەتی عێراقداو لە ناو لوبنانو وڵاتانی دیكە نفوزی زیادی كردوەو بە تایبەتی دوای ڕۆیشتنی هێزەكانی ئامریكا، دەوری لە عێڕاق زیاتر بووە.

ئێران توانیویەتی، شەڕی لە گەڵ ئامریكا بخاتە دەرەوەی سنورەكانی خۆی، بەڵام ئەم سیاسەتە لە هەمانكاتدا دژكردەوەی گەورەی بە زیانی ئێرانیش دروست كردوە. ئەو كردەوەو سیاسەتانەی رێژیمی ئێران، لە لایەک مەترسی هەڕەشەی ئێرانی لەم ناوچەیە بۆ هەمووان سەلماندوە و، لە لایەكی دیكەوە جۆرێک هاوپەیمانی دژ بە كۆماری ئیسلامی ئێرانی لە ناوچەكەو بە تایبەتی لە ناو وڵاتانی عەرەبیدا، پێكهێناوە. هەڕەشەی ئێران، ئیسرائیلی بە تەواوی نیگەران كردووەو لە ئامریكاو ئوروپای روونكردۆتەوە كە ئێران لە پشتەوەی تێرۆر، ئاژاوەو بشێوی ئەو ناوچەیە. رژیمی ئێران بۆ خۆشی بەوەی زانیوەو بۆیەشە هەموو حەولی خۆی خستۆتەگەڕ تا خۆی پڕ چەک بكاتو بە تایبەتی لە بواری موشەكیو زیادكردنی مەودای ڕۆیشتنی موشەكەكانی، سەرمایەگوزاری زۆری كردووە. هەروەتر بە پەلە بۆ سازكردنی چەكی ئەتۆمی حەول دەدات و، سەركەوتن لەو بوارانەدا بە تەنیا ڕێگای مانەوەی خۆیو وەدیهێنانی ئارەزوە كۆنەكانی ئیمپڕاتۆریی ئێرانی دەزانێ. ئەو هەلومەرجە، گوشاری زۆر دەخاتەسەر ئابووریيو ژیانی خەڵک لە ناوخۆداو لە سیاسەتی دەرەكیشدا رووبەڕووبوونەوەی رۆژئاواو ئێرانی لەو ناوچەیەدا كردوەتە ئەگەرێكی زۆر. ئامریكا تا ئێستا ئەو هەلەی قۆستۆتەوە تا چەكی زۆر بە وڵاتانی كەنداو

بفرۆشێ‌و بازاڕێکی باشی دەست بکەوێ‌و هاوپەیمانیشی لەگەڵیان قایمتر بکات. بەڵام بێ کورتکردنەوەی دەستی ئێران‌و بنەبڕکردنی حەولەکانی بۆ دەست ڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی، کێشەکان هێورتر نابنەوە. رژیمی ئێرانیش سیاسەتە ناوکییەکەی بە مان‌و نەمانی خۆیەوە گرێداوە. بە کورتی، کۆماری ئیسلامی وەک هێزێکی نیزامی ناوچەیی گەورەو پرنفوز، دالْدەدەری تێرۆریزم‌و ئاژاوە گێڕییەو ئەوەش لە خۆیدا هۆکارێکە بۆ ئەوەی تووشی شەڕی بکات‌و سەری بە با بدات. لە ناوچەیەکی ئاڵۆزو پڕکێشەی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم دەورەی رژیمی ئێران، مەترسی خولْقێنەو، بۆیە ئێران لە ناوەڕاستی کێشەو گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێت. ئەوەش بە مانای تێوەگلانی کۆماری ئیسلامی‌و ئێرانە لە بشێوی‌و ئاژاوەی ئەو ناوچەیە کە کاریگەریی لە سەر چارەنووسی خەڵکی ئێران‌و بە تایبەتی گەلی کورد هەیەو دەیبێ.

## کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

کورد گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی جیهانە. جیا لەوە ئەوڕۆ بۆتە بەشێکی سەرەکی لە رەوتی دێمۆکرایخوازیی‌و چارەسەری کێشەکان. بە بێ دەوری کورد ناکرێ ئاڵۆزییەکانی ئەم وڵاتانە رێگای بۆ بدۆزرێتەوە. ئاشکرایە کە بزوتنەوەی کورد خۆی لە رەوتە ئیسلامییەکان جیا کردۆتەوەو پوتانسیەلی گەورەی دێمۆکراتێکی تێدایەو خۆی کەم‌و زۆر لەگەڵ سیستەمی دێمۆکراسی گونجاندووە. بیروڕای گشتیی جیهانی بە رێزو سۆزەوە دەڕوانێتە داواکاریی‌و مافی کورد. بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوەچوونی بزاوتی کورد لە سورییەو قبوڵی کێشەی کورد لە تورکییەو تەنانەت لە

ئارادابوونی جۆرێک دانوستان لە نێوان کوردو حکومەتی تورکییە و، تووشبوونو تێوەگلانی ئێران لە کێشەکانی ئەم ناوچەیەو لێکترازانی ئینسیجام لە کۆماری ئیسلامیداو قورسایی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بە دڵنیایی دەرفەتی سەرهەڵدانو پێشوەچوون بۆ کوردی ناو ئێرانیش دەرەخسێنێ. ئەورۆ پتر لە هەر کاتێکی دیکە مەسەلەی کورد وەک یەک مەسەلە دەبێ چاوی لێبکرێو حەول بۆ هەماهەنگی گشت بزاوتەکانی کورد بدرێ. هەم دەرفەتی هەنگاوی گەورە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کورد دەتوانێ بخوڵقێندرێو هەم پیلانی بەهێزیش بە هۆی نەیارانی کوردەوە، مەودای دەبێ بێتە ئاراوە. بۆیە بزاوتی کورد هەم هەڕەشەی لەسەرەو هەم شانسی مێژوویشی هەیە تا دەسکەوتی گەورە وەدەست بێنێ.

## ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیو دەوریان لە داهاتوودا

رێکخراوو رەوتە ناسراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی وا لە تاراوگەن بە چەپو راستو لیبراڵەوە، پرژوبڵاوو ناتەبان پێکەوە. بەشێکیان لە چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕدا پەنا دەبەن بۆ دەرەوەو سیاسەتی زلهێزەکانو خۆگونجاندن لەگەڵیان، بەشێکی دیکەیان لە دەورەی ئیعتیرازاتی جەماوەریی سێ ساڵ لەوەپێش بوونە پاشکۆی سیاسەتی ئیسلاحخوازانی ئیسلامی. تا ئێستا دەرکەوتوە کە ئەم ئۆپۆزیسیۆنەی دەرەوە توانایی پێکەوە کارکردنو پێکهێنانی یەکگرتووییەکی دیمۆکراتیکی تێدا بەدی ناکرێ. جیا لەوانە بە هەڵە نەچووین ئەگەر بڵێین لەم دوو دەیەی رابردودا، ناسیۆنالیسمی تۆخی ئێرانی وەک فەرهەنگ، هێزی گرتوەو، لە ئێرانی فرەنەتەوەدا خۆی بۆ سەرکوتو زەوتکردنی مافی نەتەوەکانی ناو ئێران ئامادە دەکاتو دێمۆکراسی تا ئەو رادەیە

قبووڵە کە خۆی پێبپارێزێ. زمانی دیالۆگی وەلا ناوە و، هەڕەشەو خۆڵقاندنی شەڕ لەگەڵ نەتەوەکانی ئێرانی کردۆتە گوتاری زاڵ. لە لایەکی دیکەوە حەولودەولی ئاڵترناتیڤ سازیی لەم یەک دوو ساڵەی رابردووو گرتنی کۆنفەرانسی جۆراوجۆر لە پێتەختەکانی ئوروپا کە، بە داخەوە بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی کوردیشی تێوەگلا، هەروەک پێشبینیمان دەکرد، بە هیچ دەرچووو قەت ناشبێ بە شتێکی جیددی. ئەو هەنگاوە دوای هەرەسهێنانی رەوتی ئیسلاحخوازیی دەوڵەتی، لە لایەکەوە، بۆ پێکەوەلکاندنەوەی رەوتی بەناو ئیسلاحخواز لە دەرەوەو ناوەوە بە مەبەستی مۆدێرنکردنو ئەوڕۆییکردنی ئیسلاحخوازیی ئیسلامیو گوتارەکەی بۆ قەبڵاندن بە زلهێزەکانی رۆژئاواو، لە لایەکی دیکەوە، مەنزوریان ئەوە بوو بە بەشداریی نەدان، ئەو لایەنانە تەریک بخەنەوە کە خوازیاری دروشمی رووخانی کۆماری ئیسلامی بوونو هۆکاری شکستی بزوتنەوەی سەوزیان بەوە دەزانی کە وتەبێژەکانی تەنیا ئیسلاحو مانەوە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامییان دەویستو ئەوەش رێک بە پێچەوانەی ئاواتی خەڵک بوو. بەمجۆرە ژمارەیەک دەڵاڵی سیاسی کەوتنەخۆ تا لەم رێگایەوە نیگەرانی ئیسلاحخوازانی ئیسلامی بڕەوێننەوەو قانعیان بکەن ئەوان هەندێک بێنە پێش تا "ساختار شکێنان" تەریک بخرێنەوە. لە لای خۆیان ئەوەشیان بە قۆناغێک دەزانی بۆ گۆڕانی زۆرتر لە کۆماری ئیسلامیداو ساویلکانە تا ئەو رادەیەش چوونە پێشێ کە رێفراندۆمیان لە کۆماری ئیسلامیدا لەسەر گۆڕانکاری، بە مومکین دەبینی. ئەو جۆرە لێکدانەوەیە بەشێکی لەسەر ئەوە بینا کرابوو کە دنیای دەرەوەو رۆژئاواش پشتیان دەگرن، چونکە پێیانوابوو ئەوڕۆو سبەی نیوانی ئێرانو رۆژئاوا بە تەواوی تێکدەچێو پێویستە وەپاش نەکەون. بەڵام لە راستیدا کزولاوازییو

بێ هیواو پێگەیی خۆیان هاندەری سەرەکییان بوو، چ لە خۆلکاندن بە بزوتنەوەی سەوزەوەو چ لە حەولی دواتریان بۆ ئاڵترناتیڤ سازی.
لە ناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا، هێزەکانی کوردستان هێشتا دەورو نفوزیان لە ناوەوە زۆرەو لایەنی دیکە توانایی کێبڕکێیان نییە لەگەڵیان. ئیسلاحخوازانی ئیسلامی زۆر لە حەولدا بوون تا پێگەی جەماوەریی لە کوردستان دورست بکەن، بەڵام ناکام مانەوە. تەنانەت لە دەورەی بزوتنەوەی سەوزیشدا سەرەڕای ئەوەی کەس‌و لایەن هەبوون کە نزیکی ئیسلاحخوازان بوونەوە، بەڵام گەلی کورد بە گومانەوە بەرەوڕووی ئەم رەوتە بوەوە.
ئەساسی سیاسەتی ئێمە بەرانبەر بە هێزە کوردییەکان، بەرانبەر بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی‌و لایەنەکانی کۆماری ئیسلامی، گۆڕانی بەسەردا نایەت‌و هەر هەمان بۆچوونەکانی پێشوومان هەیە کە لە درێژەدا باسیان لێوە دەکەین. ئەگەر ئێستا چاوێک بەسەر هەڵوێستی ئەوکاتی خۆماندا ئێمەدا بگێڕین بۆمان دەردەکەوێ کە تا چ رادەیەک ئەم هەڵوێستە لەگەڵ رووداوەکان گونجاوبوو و چۆن دەتوانین ئێستاش لەبەر تیشکی گۆڕانکارییەکان رەوایی ئەم هەڵوێستە ببینین‌و دیفاعی لێبکەین. زۆر بە کورتی سەرنجتان بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە رادەکێشم.
١. ئێمە ناچینە هیچ بەرەو هاوپەیمانییەک لەساحەی سیاسی ئێراندا، مادام ددان بە مافە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستاندا نەنێن‌و چەند نەتەوە بوونی ئێران قبووڵ نەکەن. ئەو هەڵوێستە دەبێ بە راشکاوی بە هەموو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بگوترێ‌و ببێتە خاڵی هاوبەشی هەموو هیزە کوردییەکانیش‌و ئەرکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانە کاری جیددی بۆ بکات. ئێمە درگای دیالۆگ قەت داناخەین‌و پێوەندی لەگەڵ هەموو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەگرین.

**٢.** ئێمە پێمانوایە بە بێ رووخانی کۆماری ئیسلامی هیچ گۆڕانکارییەکی جیددی لە ئێران رووناداتو ئێران بچوکترین هەنگاویش بەرەو دێمۆکراسی نانێتو سیاسەتی بە ناو ئیسلاحخوازان ئیتر برەوی نییە. تەنیا بە پاڵپشتیی هێزی خەڵکی ناوخۆ دەتوانین بە سەربەخۆییەوە سەرنجو پشتیوانی دەرەکیش رابکێشین و، لەو بوارەشدا پاڵپشتی سەرەکی خۆمان بیروڕای دیمۆکراسیخوازی جیهانیو هێزە پێشکەوتوەکان دەبینینو ئامادەین لەگەڵ هەموو هێزێکی دەرەکیو ناوچەییش لەسەر ئەساسی سەربەخۆیی پێوەندیو هاوکاریمان هەبێو سیاسەتێک کە سەربەخۆیی لە خەڵکو هێزە سیاسیەکان بستێنێتەوە رەد دەکەینەوە.

**٣.** بە بڕوای ئێمە ئەم چەشنە حەولانەی بۆ ئاڵترناتیڤ سازیو هیواهەڵچنین لەسەر ئیسلاحخوازانو هێزی دەرەکی درانو دەدرێن، بە زیانی رەوتی دێمۆکراسیو خەباتی گەلانی ئێرانەو غەیری بە لاڕێدا بردنی ئەو خەباتە چیتری لێناکەوێتەوە. ئەو چەشنە حەولانە کۆدەنگیو کاری گشتگیر بۆ پلاتفۆڕمێکی دێمۆکراسیانە لەبار دەباتو، بۆیە ئێمە دژی دەوەستین.

**٤.** ئێمە پێمانوایە حیزبەکانی کوردستان پێویستە لە ناو خۆیاندا جۆرێک لە هاوپەیمانیو هاوئاهەنگی پێکبێنن تا بتوانن لە مەیدانی سیاسەتدا لە گەڵ باقی هێزە ئێرانییەکان پارێزەری دێمۆکراسیو بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بن. بۆ ئەو مەبەستە ئێمە لەو کۆنگرەیەشدا ئامادەگی خۆمان دەردەبڕین بۆ هەموو حەولێک لەم بوارەدا. پێوەندی بە تەنیای هێزە کوردییەکان لەگەڵ لایەنی ئێرانی لە حاڵێکدا ناسیونالیسمو شوونیسمێکی نوێ ئێرانی سەری هەڵداوە، لە راستیدا هەم دووفاقەیی دەخاتە ناو بزوتنەوەی کوردو هەم کاریگەریی

بزوتنەوەی کوردستان لەسەر چۆنیەتی پێشوەچوونی رەوتی سیاسی لە ئێراندا کەم دەکاتەوە. بۆیە ڕەچاوکردنی سیاسەتی پاوانخوازانە لەم مەیدانەدا، پێش هەموو لایەنێک بۆ بەڕێوەبەرانی ئەم سیاسەتە زیانی جیددی دەبێ.

**٥.** ئێمە ئامادەین‌و حەول دەدەین لەگەڵ هێزە پێشکەوتوو، چەپ‌و دێمۆکراتەکانی ناو ئێران بەرینترین پیوەندیمان هەبێ. هەروەتر لە بزاوتی باقی نەتەوەکانی ناو ئێران بۆ گەیشتن بە مافەکانیان‌و بۆ سەقامگیرکردنی دێمۆکراسی لە ئێران، پشتیوانی دەکەین.

**٦.** ئێمە لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ناو ئێران پشتیوانی دەکەین‌و خۆمان بە هاوپەیمانیان دەزانین. تێدەکۆشین پشتیوانی بزوتنەوەی ژنان، کرێکاران‌و رێکخستنە ناحکومییەکان بۆ خەباتی رەوای خەڵکی کورد رابکێشین‌و داخوازییەکانی گەلی کوردیان پێبناسێنین‌و حەول دەدەین بزوتنەوەی کوردستان لەگەڵ ئەو بزاوتانە پێوەندیی چڕوپڕو هاوئاهەنگییان هەبێ.

## کوردستانی رۆژهەڵات‌و هەلومەرجی ئێستا

کوردستانی ناو ئێران لە باری کۆمەڵایەتی، ئابووری‌و، بە رادەیەکی زۆر لە بواری سیاسیشدا، تەئسیر لە کەش‌و هەوای سیاسی ناو ئێران وەردەگرێت. بەڵام تایبەتمەندیی کوردستان ئەوەیە کە بە هۆی بوونی ستەمی نەتەوەیی‌و خەباتێکی دوورو درێژ بۆ رزگاریی‌و دۆخی کورد لە ناوچەکەو هاوچارەنووسی هەموو بزاوتی کورد لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان، کاریگەریی لەسەر بزاڤی رزگاریخوازیی‌و دیموکراتیکی کوردستان هەیە. جیا لەوانەش خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامییەوە، توانیان ئامانج‌و

مەبەستە کۆنەپەرەستانەکانی ئەم رژیمە بناسنو لە بەرامبەریدا بوەستنەوە. کوردستان توانی وەک سەنگەری دیموکراسیخوازییو بەرگری لە داخوازییە مەدەنیو دیموکراتیکەکانی راپەڕینی گەلانی ئێران، لە دەورەیەکدا خۆی نیشان بداتو جێ پەنجەی دیار بێت.

لەم دەورەی بزوتنەوەی سەوزیشدا کوردستان فریوی ئیسلاحخوازانی نەخوارد. لە هەمان کاتدا لە **٢٣** گوڵانی **١٣٨٨** بە مانگرتنی گشتییو سەراسەری هێزو یەکگرتوویی خۆی نیشاندا.

بە هەموو سەرکوتو کوشتارێک کە کۆماری ئیسلامی بەسەر کوردستاندا سەپاندویەتی، سەرەڕای لەشکرکێشیی نیزامیو میلیتاریزەکردنی شارو گوندی کوردستان، بەڵام نەیانتوانی خەڵکی کورد بە چۆکدا بێنن. نەیانتوانی ئێلیتی کورد بەرەو خۆیان رابکشێن. تەنانەت لە دەورەی هەڕەمو هەرای ئیسلاحخوازانی ئیسلامیشدا، لەحاڵێکدا زۆر تەوەهومیان لە ئێراندا پێکهێنا، بەڵام قەت نەیانتوانی لە کوردستان ببنە هێزێکی کۆمەڵایەتی و، جەماوەرو ئێلیتی کورد بەرەو خۆیان رابکێشن. هیچ باڵێکی ناو دەسەڵات 30لەم سی ساڵەدا، نەیانتوانیوە متمانەی خەڵکی کورد بەرەو خۆی رابکیشێت. یان بە زمانێکی دیکە، کوردستان بە هەموو کۆماری ئیسلامیو باڵەکانی بێباوەڕ بووەو ملکەچی نەبووە.

ئەمڕۆ کوردستانی ناو ئێران، هەم ئەو پێشینە پڕ شانازییەی لە پشت سەرە، هەم بزاڤی رزگاریخوازیی، بە پانتایی هەموو کوردستان ریشەی داکوتاوە. مەسەلەی نەتەوەییو خەبات بۆ دیموکراسی، بەسەر جیاوازیی ئایینیدا زاڵ بووە. شیعەو سونی، مەسیحی، جوولەکە، یارسانیو یەزیدی و. . . بەر لە هەموو شتێک، خۆیان وەک کوردو ئینسانی مافخواز پێناسە دەکەنو لەو پێناوەدا کار دەکەن. نائەمنی لە بەڕێوەبردنی ژیانو

ئابووری بۆتە گرفتی زۆربەی بنەماڵەکانی کوردستانو لە هەمان کاتدا کەسانی دیکە سەروەتو سامانی خەیاڵییان کۆکردۆتەوە. ئەو دیاردانە زۆرینەی خەڵکی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە دەبێ شێلگیرانە دژی ئەو دیاردە دزێوانە بوەستنەوەو ورەی خۆڕاگرییو موقاوەمەتی بردۆتە سەرێ. رۆژنامەوانانو چالاکانی بواری خەباتی مەدەنیو کۆمەڵایەتی، هەرچەند کەوتوونەتە بەر هێرشێکی دڕندانە، هەرچەند حوکمی ئیعدام بە جورمی هەڵسووڕانی سیاسی، لە کردەوەدا هێشتا هەر لە کوردستاندا ماوە، هەرچەند هەموو رۆژنامەکان داخراون، بەڵام تێکۆشەرانی ئەو بوارانە کۆڵیان نەداوەو دەبینین کۆبوونەوەی جەماوەریی وەک نەورۆزی ئەمساڵو پار رێکدەخەنو تۆڕگەلی رووناکبیریو فەرهەنگیو مەدەنی سەرەڕای نەمانی ئێن. جی. ئۆو گۆڤارەکانیش، توانیویانە لەو قۆناغەشدا پێوەندیی نێوان خۆیان رابگرنو نەهێڵن دەسکەوتەکانیان لە ناو ببرێ. هەمووممان دەزانین لە کوردستان کانگای جۆراوجۆری پڕبەها هەیەو بەرهەم دەهێنرێت، بەڵام ئیجازە نادەن کەرەسەی خاوی ئەو کانگایانە، لە کوردستان پوختەو پاڕاو بکرێن. سیاسەتی شوونیستی دەیهەوێ هەموو کارگەی خاوێنکردنەوەو پوختەو پاڕاوکردن، لە دەرەوەی کوردستان بێتو تا ئێستا هەر وایکردووە. هەمووممان دەزانین ئیجازەی بچووکترین کارگەی بەرهەمهێنانی سەنعەتی، تەنانەت ئاسن تواندنەوەیەکی زۆر بچووکیش لە خاکی کوردستاندا نادرێ. لە لایەن دەوڵەتەوە کەمترین کۆمەکو یارمەتی بۆ گەشەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان، دەکرێتو لە چاو شوێنەکانی دیکەی ئێران هەر هیچ نییە. تەنانەت کۆڵکێشیو کاروانچیەتیش بەو خەڵکە ڕەوا نابینن و ڕۆژ نییە لێیان نەکوژن. هەموو ئەو دیاردەو زوڵمانە کە بێکاریو گرانی ئێستاشی هاتۆتە سەر، بە هەستو پێستەوە گەلی کوردی گەیاندۆتە

ئەو بڕوایە کە دەبێ یەکگرتوو بێ، دژی ئەم رژیمە بێ و، داخوازیی نەتەوەییو حەقی دیاریکردنی چارەنووسو خەبات بۆ عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، بکاتە ئامانجی سەرەکی خۆی. هەموو ئەو زوڵمو گوشارانە لە ناو جەماوەردا هێزێکی پەنگ خواردووی پێکهێناوە کە لە هەموو کاتێک زۆرتر بەستێنی گەورەی بۆ خەبات لە پێناو دێمۆکراسی، بۆ عەداڵەتی کۆمەڵایەتیو گۆڕانی باری ژیانو گوزەرانو مافی چارەی خۆنووسین، لەناو زەینی خەڵکی کوردستاندا خولْقاندوە.

لەو هەلومەرجەدا گرینگترین کاری ئێمەو هەموو حیزبە سیاسییەکان دەبێ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە بێ کە بە هۆی دەردی لە تاراوگە بوونو سەرکوتەوە، کۆماری ئیسلامی توانیویەتی لە نێوان ئێمەو جەماوەردا پێکی بێنێ. بۆیە ئەرکی سەر شانمانە تا :

١. حەولەکان بۆ هاوکاریو چەترێکی کۆکەرەوە لە نیوان هەموو لایەنە سیاسیەکاندا، چڕتر بکەینەوە بە جۆرێک کە وڵامدەرەوەی پێشهاتە حەتمیەکانی داهاتووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئێران بێ.

٢. پێویستە پێوەندیی حیزبە سیاسیەکانو بزوتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان توندوتۆڵتر بکرێتەوە. لەم دەورەدا کار بۆ کۆبوونەوەو میکانیسمێک کە هەموو لایەنە سیاسیەکانی چوار پارچەی کوردستان تێیدا بەشدار بن، ئەرکێکی هەنووکەییەو لازمە ئێمەش بەش بە حاڵی خۆمان بۆی وەگەڕ کەوین. ئێمە پاڵپشتیی بزاوتی رزگاریخوازی کورد لە هەر بەشێکی کوردستان دەکەینو بە ئەرکی خۆمانی دەزانین پاڵپشتیی لە هەرێمی کوردستان بکەین . پێمانوایە کورد دەبێ بتوانێ سەرەڕای جیاوازییەکانو تایبەتمەندیی هەر پارچەیەکی کوردستان، سیاسەتێکی هاوئاهەنگ لەمەڕ مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبێ. روداوو گۆڕانەکانی داهاتوی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەتوانێ هەم بە نێگاتیڤو هەم بە پۆزیتیڤ کاریگەریی لەسەر گەلی کورد هەبێ. کورد هەم شانسی گەورەی لەبەر دەمەو هەم مەترسی جیددیشی دەتوانێ بۆ دروست بێ.

**٣.** ئێمە بۆ هاوکاریی‌و لێکنزیکبوونەوەی لایەنەکانی کۆمەڵە هەموو حەولێک دەدەین‌و سیاسەتمان لەمەڕ پێویستیی کۆمەڵەیەکی گەورەو یەکگرتوو گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. ئەوڕۆ لە کوردستانی ئێران کارکردن بۆ پێکهێنانی بەرە یان چەترێکی چەپ دەتوانێ هەم بۆ وەسەریەکخستنی وزەی ڕەوتی کۆمەڵە قازانجی هەبێ و، هەم هەنگاوێک لە پێکهێنانی چەترێکی گشتگیر یان بەرەیەکی کوردی، نزیکمان بکاتەوەو بۆیە بۆ ئەو مەبەستەش ئامادەگی دیالۆگ‌و هاوکاری تەواومان هەیە.

**٤.** ئێمە پێمانوایە دەبێ مەجالێک بڕەخسێ تا کەسایەتی تێکۆشەرو بزاوتە مەدەنیەکانیش لە ژێر چەترێکی گشتیدا جێگایان بۆ بکرێتەوە تا بتوانین وزەو توانی هەرچی بەرینتری بزوتنەوەی کوردستان بخەینە گەڕ.

## کۆمەڵەو پرسی خەباتی چەکداریی‌و پێشمەرگانە

هەروەک پێشتر باسمان لێکرد بزوتنەوەی کوردستان تایبەتمەندیگەلی خۆی هەیە. یەکێک لەو تایبەتمەندییانە بوونی هێزی پێشمەرگەو خەباتی چەکداریی جەماوەرییە لەو بزاوتەدا. کۆمەڵە کە یەکێک لە هێزە سەرەکییەکانی ڕێکخستنی موقاوەمەت‌و بەربەرەکانێ دژ بە هێرشی نیزامی کۆماری ئیسلامی بووە، پێویستە لەوبارەشەوە بە ڕۆشنی سیاسەتەکانی ئێستای بخاتە بەر چاوی هەموان. ئێمە خەباتی چەکداریی بە یەکێک لە مەیدانەکانی خەبات لە کوردستان پێناسە دەکەین‌و هێزی

پێشمەرگەش بە دەسکەوتێکی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد دەبینین. بەڵام هەلومەرجی سیاسی کوردستانو جۆری خەباتی سیاسی لە ناوچەکە بە گشتیی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووەو هاوسەنگی خەباتی مەدەنیو سیاسیی لەگەڵ خەباتی چەکدارانە وەک پێشوو و سی ساڵ لەوە پێش نییە. ئەوڕۆ کۆمەڵگا پێشکەوتووترو تێکەڵاوترەو خەباتی سیاسیو مەدەنی بە هۆی پێشکەوتنەکانی ئینسان بۆ پێوەندی لەگەڵ یەکترین جێگەو پێگەیەکی گرینگی وەدەست هێناوە. لە حاڵێکدا کە کوردستانی رۆژهەڵات میلیتاریزە کراوەو هەر ئیعتیرازێک لە کوردستان بە هێزی نیزامی وڵام وەردەگرێتەوەو بە چەک بەرەوڕووی خەباتی مەدەنی دەبنەوە، پوتانسیەلی بەربەرەکانێی چەکدارییو بوونی هێزی پێشمەرگە ناتوانرێ دەستی لێهەڵبگیرێ یان وەلابنرێ. ئێمە خوازیاری شەڕ نینو قەتیش دەستپێشخەری ناکەین، پێمانباشە بە خەباتی سیاسی داخوازییەکانمان وەدی بێنین، بەڵام تا دیکتاتۆریو زەبرو زەنگی نیزامی بەسەر کوردستانەوە هەبێ، ئامادەگی بەربەرەکانێی هێزی چەکدار لە دەست نادەین. بۆیە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە دیتنی رووداوەکانی سورییەو باقی وڵاتانی رۆژهەڵات، هێشتا بەربەرەکانێی چەکدارانە دژ بە دیکتاتۆری بە رەواو پێویست دەزانێ. ئێمە لەم دەورەدا تێدەکۆشین تا هێزی پێشمەرگە پێبەپێی هەلومەرج بەرینترو بەهێزتر بێت. لە دەورەی داهاتوودا بە بێ ئەوە دەست بکەین بە شەری چەکداریی، بەڵام بە پتەوکردنی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە خۆمان بۆ هەر ئەگەرێک لەوبارەوە ئامادەو تەیار رادەگرین.

**سیاسەتمان بەرانبەر بە ڕەوتو رێکخراوەکانی خەباتی مەدەنی**

گەشەی ئێ. جی. ئۆو دامەزراندنی رێکخراوی مەدەنیو گرینگیدان

بەم چەشنە خەباتە لە بواری کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەوە، دەسکەوتێکی گەشەکردووی نوێیە لە کوردستان کە پێشتریش مەیدانی کاری کۆمەڵە بووە، بۆیە نەک تەنیا پشتیوانی خۆمان بۆ ئەم مەیدانە دەردەبڕین، بە هەموو توانای خۆشمان بۆ ڕێکخستنو بەهێزکردنی تێدەکۆشینو بە ئامرازو پاڵپشتێکی گەورەی بۆ یەکگرتوویی لە خەباتی سیاسیدا دەزانین. هەڵسوڕاوانی کۆمەڵە لە ناوەوەو هەموو ئۆرگانەکانی کۆمەڵە ئەرکی سەرشانیان دەبێ تا بەشداریی گەرموگوڕی تێدا بکەن. ئێمە بەهێزکردنی خەباتی ژنان، کرێکاران، خوێندکارانو فەرهەنگیان بە ئەرکی خۆمان دەزانینو لە پێناویدا هەموو پاڵپشتییەک دەکەین.

## ئێمەو ئەگەری شەڕی دەرەکی دژ بە ئێران

کۆمەڵە سیاسەتی شەڕخوازانەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە مەحکووم دەکاتو ئەم جۆرە ماجەراجوییەی تا ئێستای ئەو دەوڵەتە بە زیانی گەلانی ئێرانو هەموو خەڵکی ناوچەکە دەبینیو بەربەرەکانێی لەگەڵ دەکات. لە هەمانکاتدا بە روونی رایدەگەیەنین کە هێرشی سەربازی بۆ ئێران لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێران نییەو ئێمە دژ بە وەها کردەوەیەکینو لەو بڕوایەداین کە زیان بە خەباتی مەدەنیو سیاسی گەلانی ئێران دەگەیەنێو بەر بە سەلماندنی ئیرادەی گشتیی خەڵک دەگرێ. ئێمە حەول بۆ ئەوە دەدەین کە ئیرادەی سەربەخۆی خەڵکی ئێران لە پێناو دێمۆکراسیو ئازادی بکەوێتە گەڕ بۆ رووخاندنی کۆماری ئیسلامی. لەمبوارەدا پێشوازی لە هەر پشتیوانییەکی دەرەکیو نێو دەوڵەتیو رای گشتیی دەکەین کە رێز لە سەربەخۆیی خەڵکی ئێران بگرێت.

**ئەركە سەرەكییەكانمان لە باری رێكخراوەیی:**

ئێمە بە خێرایی بۆ پەرەپێدان بە رێكخستنی ناوەوە وەگەڕ دەكەوین. گەرا دانانو گرینگیدان بە رێكخستنی جەماوەریی لە سەرەوەی كارەكانمان دەبێ. چالاكتركردنی راگەیاندن، بە تایبەتی كەناڵی ئاسمانی ئاسۆسات دەكەینە ئامانجی خۆمانو تێدەكۆشین زۆرترین پێوەندیی بە بزاوتی ڕۆشنگەرییەوە بگرین. گرینگی زۆرتر دەدەین بە فێركردنو بارهێنانو راهێنانی كادر لە ناوەوەو دەرەوەو بە گشتیی رادەی سیاسی كادرو ئەندامان پێویستە بەرزتر بێتەوە. پێوەندییەكانی خۆمان لەگەڵ دەرەوەو لەباری نێونەتەوەیی پەرە پێدەدەینو لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش دیالۆگو هاوكاریمان چڕتر دەكەینەوە. یەكگرتووی زۆرتری ریزەكانی كۆمەڵەو بەهادان بە حیزبیەتو دامەزراوە حیزبییەكان لە سەر بنەمای ئینزیباتی حیزبیو هاوڕێیانە ئەركی گرینگی ئەم دەورەمان دەبن.

# بەیاننامەی کۆتایی سێزدەهەمین کۆنگرەی کۆمەڵە

سێزدەهەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە ڕۆژی ٥ی خەزەڵوەری ساڵی 1391 بەرانبەر بە، ٢6ی ئۆکتۆبری 2012ی زایینی بە دورشمی "یەکگرتوویی ڕیزەکانی کۆمەڵەو چەپی کوردستانی بۆ دادوەریی کۆمەڵایەتیو مافی چارەی خۆنووسین" دەستی بە کارەکانی خۆی کردو لە ڕۆژی 11ی خەزەڵوەر بەرانبەر بە 1ی نوامبر پاش ٦ ڕۆژ کاری چڕوپڕو دیالۆگی ڕاشکاوانەو گفتوگۆی کراوە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

بە پێی پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە، چەند مانگ پێشتر کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بە ڕێخستنو ئامادەکردنی "دەستەی ئامادەکاری کۆنگرە" لە ئامادەکردنێکی سیاسیو ڕێکخستنیی هەمەلایەنەدا سەرقاڵی پرۆژەی کۆنگرەی 13ی کۆمەڵە بوو. لە 3 مانگ پێشەوە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی کۆمەڵە لە ڕێکخستنەکاندا بۆ کۆنگرە ئەنجامدرا. کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە 3 ئەندامی خۆی وەک بەرپرسی ڕاپەڕێنەری هەڵبژاردنەکان دیاری کرد. ئەم هەڵبژاردنانە لە هەموو بەشو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا ئەنجام درا. نوێنەرانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بە هەڵبژاردنی ئازادو ڕاستەوخۆی ئەندامان هەڵبژێردران. کومیتەی ناوەندی دوای هەڵبژاردن ژمارەیەک لە کادرەکانی وەک چاودێر بانگهێشتی کۆنگرە کرد، سەرەڕای ئەمەش ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڕێیانی کۆمەڵەو کەسایەتییە ناسراوە سیاسیەکان وەک میوان بانگهێشتی کۆنگرە کران. کۆنگرەی 13ی کۆمەڵە لە لایەن

دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی کاتییەوە وێڕای بەخێرهاتنی میوانەکانو نوێنەرانی کۆمەڵە، بە سروودی ئێنترناسیۆناڵو خولەکێک وەستان بۆ یادی هەموو گیانبەخت کردووانی ڕێگای ئازادیو سۆسیالیزمو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کوردستان، دەستی بەکار کرد. لە دەسپێکی کاری کۆنگرەدا بەرپرسی هەڵبژاردنەکانی کۆنگرەی 13 ڕاپۆرتی خۆی لەمەڕ هەڵبژاردنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە پێشکەش بە کۆنگرە کردو بە خوێندنەوەی ناوی نوێنەران، داوای لە کۆنگرە کرد کە تەندورست بوونو متمانە بەخشیی نۆێنەران بخاتە بەر دەنگدان. کۆنگرە بە تێکڕای دەنگ ئەم ڕاپۆرتەی پەسەند کردو بڕوای خۆی بەخشیە هەموو نوێنەرانو هەڵبژێردراوان. پاشان دەستەی سەرۆکایەتی کاتیی، ڕەسمیبوونی کۆنگرەی ڕاگەیاند. پێڕەوی پێشنیار کراو بۆ بەڕێوەبردنی کۆنگرە پاش باسو لێکۆڵینەوەیەکی کورت پەسەند کرا. دەستەی بەڕێوەبەری کاتیی وەکوو دەستەی بەڕێوبەرایەتی هەمیشەیی هەڵبژێردراو درێژەی بە کارەکانیدا. کۆی بابەتی دانیشتنەکانی کۆنگرەی سێزدەی کۆمەڵە کە نوێنەران بڕیاریان لەسەر دابوو، بریتی بوو لە: 1_ ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی بۆ کۆنگرەی 13ی کۆمەڵە.2_ بەرنامەی سیاسی کۆمەڵە. 3_ پێڕەوەی ناوخۆی کۆمەڵە ۴_ هەڵبژاردنی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە.

ڕاپۆرتی سیاسیو ڕێکخراوەیی کومیتەی ناوەندیی بۆ کۆنگرە لە لایەن هاوڕێ عۆمەر ئێلخانی زادە سکرتێری گشتیی کۆمەڵەوە پێشکەش کرا. ڕاپۆرتی سیاسی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە ڕۆژێکی کاریی بە خۆیەوە تەرخان کرد. ڕاپۆرت بە تێڕامانی کورت لە بارودۆخی سیاسیی جیهانو قەیرانی ئابووری لەم چەند ساڵەی دوایی لە دونیای سەرمایەداریدا، لێکدانەوەی ڕووداوەکانو دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستو ئەگەری سەرهەڵدانەوەی شەڕو ململانێی ناوچەیی، دەستی پێکرد. شرۆڤەو لێکدانەوەی بارودۆخی ئێستای کوردستانو ئێرانو ئەرکو کارە سەرەکیەکانی ئێستای کۆمەڵەشی خستە بەر باس.

لە لێکدانەوەی بارودۆخی سیاسیی جیهانو قەیرانی ئابوریی سەرمایەداری لەم چەند ساڵەی دواییدا، پێ لە سەر ئەم ڕاستییە داگیرا کە: سەرمایەدایی رەها لەم ساڵانەی دواییدا، ژیانو ژینی چەوساوانو هەژارانو کرێکاران بە توندی کردۆتە ئامانجی خۆیو لە لایەکی ترەوە سیاسەتی سەرمایەداریی وێرانکەرو بێ بەربەستو کۆمپانیو کارتلە گەورە ئابووریو ماڵیەکان گوشارێکی تر بوو لە سەر خەڵکی کەم داهات. مرۆڤایەتی بە شکو دوودڵی زۆرترەوە دەڕوانێتە ئەم ڕێگە چارانەی قەیرانی ئابووریو لە کردەدا ناکاراییان بۆ چارەسەری قەیرانەکان سەلمێنراوە. لە باسەکانی کۆنگرەدا ئەم ڕاستیە ئاماژەی پێدرا کە، شەڕی سارد بە چەشنێکی دیکە دەستی پێ کردۆتەوەو شێوەی ئاخاوتنو گوتاری زلهێزەکانی جیهانی سەرمایەداریو پێداگرییان لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان، ئاماژەی ڕۆشنە بۆ هەڵگیرسانەوەی دەورەیەکی دیکەی شەڕی سارد. دەورەی ئێستا هاوکاتە لەگەڵ قەیرانە ئابوورییەکانو بێکاریی فراوانو کۆچو کۆچبەری نەخوازراوو شەڕو خوێنڕێژیی توندو هەژێنەر. لە بەرانبەر ئەم قەیرانەو کاردانەوەیان لەسەر کۆمەڵگا هەرچەندە خۆڕسکو کەم ماوەو کورت، بەڵام هەندێ بزاوتو بزووتنەوەو بەرخۆدانیش لێرەو لەوێ ڕوویداوە کە جۆرێک یەکگرتوویيو هاودەنگیو بەربڵاوی پێوە دیارە.

لێک نزیک بوونەوەی هێزە چەپەکان، سەرهەڵدانی بزاوتە خۆڕسکەکان لە بنەڕەتدا، ڕاسانە لە بەرانبەر کاریگەرییەکانی قەیرانی سەرمایەداری

که بووەتە هۆی ئەوە کە سەدان میلیۆن ئینسان، دڵەڕاوکێو ترسی داهاتوو و لە دەستدانی کارو گوزەرانی خۆیانیان هەبێ.

بزووتنەوەو ڕاپەڕینو شۆڕشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو باشووری ئەفریقا کە بە "بەهاری عەرەبی" ناوزەد دەکرێت، بەشێکی زۆری لە گفتگۆکانی ئەم بەشەی کۆنگرەی بە خۆیەوە تەرخان کرد. بەرەنجامەکانی بەهاری عەرەبی هەرچی بێت، خودی ئەم شۆڕشانە پڕدەسکەوت بوونو گۆڕانکاری گەورەیان دروستکردوە. بەهاری عەرەبی ڕاپەڕینی جەماوەری زەحمەتکێشو بێ بەشی پەراوێزە کە لە ئازادی دابڕاوەو بێزار لە کۆتو بەندی دیکتاتۆرە سەربازییەکانو خوازیاری مافە. دەیان ساڵ بوو کە، هەندێک لەو ڕژیمە دیکتاتۆرو سەرەڕۆیانە لە لایەن زلهێزەکانەوە بە ئاشکرا پشتیوانی دەکرانو لە ڕاستیدا ئەوان ڕایانگرتبوونو بەڕێوەیان دەبردن. هەر لە بەرەبەیانی سەرکەوتندا دەرکەوتنی تاقمو هێزو حیزبگەلێ کە لە هەندێ شوێن چەند هاوسەرییان ئازاد کرد، لە گرنگیی بەهاری عەرەبی کەم ناکاتەوەو لە ڕاستیدا ئاماژەیە بۆ ڕاستیەکی دەیان ساڵە کە، ئەم حکومەتە کۆنەپەرستو دەستنێژانەو پارێزراوانەی زلهێزەکان جگە لە کوشتنی ئازادیو وشک کردنی هەر ئەندێشەیەکی ئازادیخوازانەو بەرابەریخوازو ئینسانی، کارێکی دیکەیان نەکردووەو بەم شێوەیەش نەبووایە نەیاندەتوانی درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن.

پاش بەهاری عەرەبی سیمای سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو تەنانەت هاوسەنگیی نێوان جەمسەرەکانی جیهانیش گۆڕا. دیسانەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوەندی گۆڕانکاری هێزە ناوچەییو جیهانیەکانە.

ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بە هەستیاریو وردبینیەوە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دایە بەر باسو لێکۆڵینەوە. ئەوەی

ئێستە لە سووریە دەبینین کۆیەک لە دژایەتییە ناوچییەکانی لە خۆیدا کۆکردووەتەوە، کە گرنگییان لەسەروی سنوورەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوەیە. ئێرانو تورکیە وردە وردە وەک دوو هێزی گرنگ لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆیان دەبیننەوەو هێزە گەورەکانی تر، چاودێرانی چالاکی ئەم گۆڕەپانانەنو بە یارمەتیو بەهێزکردنی لایەنەکانی دڵخوازی خۆیانو هاوئاراستەکانیان ئەم کێشەو گرفتانە بەهێزتر دەکەنو بەشداری ڕاستەقینەی ئەم بابەتەن. پێگەی کوردو بزووتنەوە ڕزگاری خوازو نەتەوەییەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گۆڕانکاریی گرنگو گەورەی بە خۆیەوە بینیوە. هەرێمی کوردستان پایەو بنەماکانی خۆی بەهێزترو ڕاوەستاوتر کردووە. لە کوردستانی بندەستی تورکیە، بزووتنەوەی جەماوەرییو ویستی مافی چارەی خۆ نووسین بەرجەستەترو بانگ بەرزتر دەگاتە گوێو لە پەرلمانی وڵاتێکدا کە، بەدەیان ملیۆن کورد "تورکی کێوی" ناوزەد دەکران هاواری دادخوازیو ماف ویستیو حەق بێژی نەتەوەییان لە بەرانبەر جیهانیاندا بڵندو بڵندتر بووە. حزبە کوردستانییەکان کۆنگرەکانیان لە دڵو پایتەختی تورکیەدا دەگرنو بە هاوڕێیو هاوئاهەنگی نوێنەرانی حزبو لایەنە کوردیەکانی باقی بەشەکانی دیکەی کوردستان، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازو ماف ویستی کوردو کوردستان لە دڵی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی تازەدا بەرجەستەتر دەکەنەوەو خۆلێدزینەوەی مەحاڵە. لە کوردستانی بندەستی سووریە لە ڕاستیدا خەڵکو حزبە کوردییەکان بڕیاردەری چارەنووسی خۆیاننو لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا سەرەڕای هەموو گوشاری نیزامیو زەبرو زەنگو ئێعدامە سیاسیەکانو تۆقاندنو ترساندنی چالاکانی کورد، ڕژیمی ئیسلامی بێگانەو تەریکتر لە خەڵک ماوەتەوەو هەراسانو

ترساو، لەرزی درێژەدانی دەسەڵاتی خۆی لێ نیشتووە. کوردستانی ناو ئێران سەروەریی ملکەچنەبوونی بۆ کۆماری ئیسلامی بە هەمووان سەلماندوەو بزاوتی رزگاریخوازی کورد دەورو پانتایەکی بەرینتری گرتۆتە خۆو ئێستاش هێزە سیاسیەکانی کوردستان بێ رکەبەرن. بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە دەیان ساڵی ڕابردووەوە خاوەنی تواناییو پۆتانسیەڵی هەرە مەزنو فرە دامەنە بووەو بەگیانی دیمۆکراتیکو پێشکەوتن خوازانەوە هەمیشە فاکتەرێکی گرنگ بووە بۆ ناسینی ڕۆژهەلاتێکی ناوەڕاست کە، هێزە دیمۆکراتو چەپەکان دەتوانن بنەمای سەرەکیو کۆڵەکەی ڕاگرتنی بن. لە ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندیدا بارودۆخی سیاسی ئێرانو پێگەی ئێستای کۆماری ئیسلامی بە لەبەرچاو گرتنی ڕاستیەکانی ئێستاو بارودۆخی ئەم ڕژیمە کەوتە بەر باسو لێکۆڵینەوەو قەیرانە ناوخۆییەکانی کە، لە سەروترین ئاستی هێرەمی دەسەلاتەوە دەست پێ دەکاتو لەگەڵ قەیرانی ڕەواییو قەیرانی دەسەلاتدارییەتی قووڵ ڕووبەڕوو دەبێتەوە. بارگاو بوونی هەموو بوونو یەکەکانی بە قەیرانی ناوخۆییەوە بگرە تا کەوتنە بارودۆخێکی دژواری نێونەتەوەییەوە کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ گوشاری لەسەر زۆرتر دەکات، بە وردی باسیان لێ کرا. ڕژیمی ئیسلامی دواهێزو گوڕی خۆی خستووەتە کار کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران هەندێ دەستەو تاقمو حکومەتە دیکتاتۆرییەکان ببووژێنێتەوە، هەوڵو هاوارەکانی ڕژیم بۆ دەربازکردنی بەشار ئەسەدو دەسەلاتەکەی بەشێکی زۆر لە وزەو توانای مادیو مەعنەوی خۆیو هاوپەیمانە ناوچەییەکانی قووت داوە. کە ئەمە خۆی ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ کەوتنە گوشارو تەنگەژەی جیهانیو ناوچەیی ڕژیم. ڕژیمی ئیسلامی ئێستا زۆرترو زۆرتر لە هەر کاتێکی تر ئەفسانەو وەهمی

گۆڕینی لە هەناوی خۆیدا لەبار بردووەو دوا کارتی ڕێفۆرمخوازانی نێو دەسەڵاتیش بە ناوی بزووتنەوەی سەوز لە سەرەتاوە ڕۆشن بوو کە ناکام دەمێنێتەوە. ئەوانیش نەیانتوانی کارێک بکەن بۆ گۆڕینی ڕژیم لە ناوەوەی خۆی. بزووتنەوەیەک کە پاش دەوری دووهەمی هەڵبژاردنی ئەحمەدی نژاد هاوڕێ لەگەڵ جەماوەری بەرفراوانو ملیۆنی هاتە مەیدانو بۆ ماوەی چەند مانگێک درێژەی کێشاو خۆی ڕاگرت، بەرخۆدانو ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی مەزن بوو لە بەرانبەر یەکێک لە ڕێکخراوترین هێزەکانی سەرکوتو میلیتاریستو کۆنەپەرەست لە مێژووی ئێراندا. لە ڕاستیدا ئەم بزووتنەوەیە ڕژیمی ئیسلامی تا نزیکی لێک ترازانو هەڵوەشانەوە برد، سەرانی سەوز لە ترسو دڵەڕاوکێ ڕادیکاڵ بوونەوەی بزووتنەوەو وەهمی گۆڕانی لە ناوخۆی ڕژیمەوە بەو پیشەو پێشینەیەوە کە لە ناو ڕژیمو دەورانی خومەینیدا بوویان، باش دەیانزانی ناتوانن هیچ ڕەواییەکی بەرفراوانی جەماوەر بۆ خۆیان وەدەست بهێنن. کۆنگرەی کۆمەڵە بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستیانەو پێداگرتنەوە لەسەر سیاسەتی چەند ساڵەی خۆی لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بزووتنەوەی سەوز لە سەرکوتانەوەو نووچدانو نەگونجاو بوونی هەر چەشنە گۆڕانگەڕیەکی ناو دەسەڵات پێداگری کردەوەو بە ڕاشکاوی نووچدانو شکانی پرۆژەی ڕێفۆرمخوازانی ناو دەسەڵاتی، ڕاگەیاند. بوونو بەرجەستە بوونەوەو بە کردە دەرهاتنی ئەم ڕەگەزەی لە ئۆپۆزیسیۆندا بە زیانی بزووتنەوەی خەڵکیو دیمۆکراسی خوازی زانی. هەروەها ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی هەوڵی ئاڵترناتیڤ سازیو ڕێکخستنی کۆنفرانسەکانی وەک ئەوانەی ساڵی ڕابردووی لە لایەن بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی مایل بە ڕێفۆرمخوازان خستە بەر باسو بە پرۆژەیەکی تێکشاوو ناکاراو بێ بەرەنجامی زانی. ئەم جۆرە

سناریۆیانەی دژ بە ڕەوتی ئازادیخوازیو بەرژەوەندییەکانی خەڵکو ئیرادەیان زانی. پێداگری خۆی لە سەر سەربەخۆییو ئامادە بوونی جەماوەر لە بزووتنەوەی دیمۆکراسی خوازیدا بە فاکتەری سەرکەوتنی بزووتنەوە زانی. بابەتی بارودۆخی سیاسی ئێران ئاماژەی دایە ئامادە بوونی کاریگەرانەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆی ئێران وەک: بزاوتی کرێکاران، دیمۆکراسیخوازییو بزوتنەوەی ژنانو گەلانی ئێرانی بە گرینگ هەڵسەنگاند. سەرانی بزووتنەوەی کرێکاریو چالاکانی ژنی ئەسیرو بەند کراو دەریانخست کە چەندە خۆڕاگرن و ناویان بە ناوچاوانی میدیاکانی جیهانیو ناوەندەکانی پارێزەری مافەکانی مرۆڤ ئەدرەوشێتەوە. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران لە هەناو هەلو مەرجی ئێستاداو ئەم دۆخەی کە ئەمڕۆ تێیدا دەژینو بە ئامادەبوونی بەستێنی ئامادە بۆ گۆڕانکارییەکان، دەڕۆن کە لە ڕاپەڕینەکانی داهاتوودا ڕۆڵی بەرچاوو بەرجەستەی خۆیان ببینن.

کۆنگرەی کۆمەڵە دووپاتی کردەوە کە کۆمەڵە بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەی دیمۆکراسیخوازیو بزاوتی ڕووخانی ڕژیم، پێویستی بە جووڵەو چالاکی بەربڵاوترو فراوانترە لە نێوان هێزو حزبە سیاسیو چەپو دیمۆکراتەکانداو لەم بەستێنەدا دەبێ چالاکیەکانو هەوڵو کۆششو پەیوەندییەکانی خۆی قایمترو ڕێکخراوترو تۆکمەتر بکات.

لە بارودۆخی سیاسی کوردستاندا بە لەبەرچاو گرتنی ڕاوەستانو بەرخۆدانی چەندین دەیەی خەڵکی کورد، کۆمەڵە سەرەڕای ستایشو ڕێزگرتنی ئەم ڕاوستانو بەرخۆدانە ئەو ڕاستیەشی دووپات کردەوە کە ڕژیمی ئیسلامی دژوارترینو پڕتەنگەژە ترین بارودۆخی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندووەو شەڕی ئابووری، جەنگی ئارامو بێ دەنگی ژینۆساید لە بەرانبەر گەلی کورددا شتێکی شاراوە

نییەو هەمووان دەزانن. لەداردانی چالاکە سیاسیەکانی کوردستانو خەباتگێڕانی کورد زۆرترو بەرجستە ترە، لەگەڵ ئەمەشدا ڕاوستانو ڕاسانی گەورەو شیاوی ڕێزو پێزانینی کەسانی وەک ئێحسانی فەتاحیانو فەرزادی کەمانگەرو خەباتگێڕانی دیکەی کورد بزووتنەوەی جەماوەریو مافخوازانەی کوردستانی خستە تاوو تینێکی دیکەو گوڕێکی دیکەی پێ بەخشیەوە، مانگرتنی 23ی گوڵانی ساڵی 1389 کەم مەیلیو ساردی سیاسی چەند ساڵەی لە کوردستان قەرەبوو کردەوەو نیشانیدا کە، ڕژیمی ئیسلامیو هیچ ڕژیمێکی داگیرکەرو دیکتاتۆر لە داهاتووی کوردستاندا جێگەیان نیە.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی: کرێکاران، ژنانو خوێندکارانو بزاوتە سیاسیو مەدەنییەکان هەڵساونەتەوەو بەها دێمۆکراتو پێشکەوتوو خوازو مۆدێڕنەکان هاوڕێ لەگەڵ بوونی ئەم بزاوتە کۆمەڵایەتییانەدا لە هەناوی بزاوتی ڕزگاریخوازی کوردستاندا شەفافو ڕاشکاوو جێگیرتر بوون.

کۆمەڵەو کۆنگرەکەی جارێکتر ڕوونو شەفاف لەسەر مافی چارەی خۆنووسینی خەڵکی کورد پێداگری کردەوەو هەروەها جەختی لەسەر ڕێگەچارەی فیدراڵیو پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەو یەکیەتی گەلانی ژێر ستەمی لە ئێراندا کردەوەو بەم ئاراستەیەدا ڕێفراندۆمو هەڵبژاردنو ڕێگەچارەی مافی چارەی خۆنووسینی وەک مێکانیزمێکی ڕەواو ئەمرۆییانە ڕەچاو کرد. کۆنگرە هەروەها هاوکاریی چڕوپڕی حیزبە کوردستانیەکانو هەوڵی کاریگەری لەم بواردەدا، خستە ئەستۆی ڕێبەرییو هەوڵەکانی چەند ساڵی رابردووی بە دڵسۆزانەو بەرپرسیارانە هەڵسەنگاند. کۆنگرە جارێکیتریش لەمەڕ یەکیەتیو هاوکاری نزیکی هەموو ڕەوتەکانی کۆمەڵەوە بە ڕاشکاوی ڕاو بۆچوونی خۆی دەربڕیو

بە پێویست زانی. بڕیاری لەسەر پێشەوەبردنی پرۆسەی نزیک بوونەوەو گفتگۆو پەیوەندی هاوڕێیانەو دڵسۆزانەدا. هەروەها کۆنگرە لەسەر بنەڕەتیترین دروشمی خۆی کە بریتی بوو لە هاوکاری هێزە چەپو سوسیالیستەکان لە کوردستاندا پێداگری کردو خەباتگێڕانو کادرەکانی بزووتنەوەی چەپی لە کوردستان بانگهێشت کرد کە پێکەوە لە هاوکارییەکی شان بە شاندا بۆ ڕێکخستنی بزووتنەوەی چەپ لە کوردستان هەوڵ بدەن. کۆنگرە ئەمەشی بە یەکێک لە ئەرکە سەرەکیو هەستیارەکانی سەرکردایەتی ئێستای کۆمەڵە زانی.

لە باسی بارودۆخی ئێستای کوردستاندا، بزووتنەوەی ژنانو بزووتنەوەی ڕەوشەنگەریو بزاوتی کۆمەڵایەتی، پێویستە لە کوردستاندا کۆمەڵە پشتیوانی بێ مەرجی ئەم بزووتنەوانە بێتو بە ئەرکی گرینگو هەنووکەیی خۆی دابنێ. ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی لەمبارەوە بە یەک دەنگی پەسەند کرا.

لە بەشی راپۆرتی ڕێکخستنی کۆمەڵە بۆ کۆنگرە، پێشکەشکارو نوێنەری کومیتەی ناوەندیی ئاماژەی دایە کەمو کۆڕیو لاوازییەکانی کاری چەند ساڵی ڕابردووی کۆمیتەی سەرکردایەتیو بە ڕوونیو ڕاشکاوی ڕاستەوخۆ، ئەو ڕووداوو کارەساتانەی چەند ساڵی ڕابردووی هێنایە بەر باس کە کاریگەرییان لەسەر کاری ڕەوتی کۆمەڵە هەبوو. لە سەر زاڵ بوونی گیانی سەربازیگەری لە ڕیزەکانی کۆمەڵەداو هەناردە کردنی چەند یەکەیەکی پێشمەرگە کە بەدوایدا هەندێ ڕووداوی نەخوازراوو کۆنترۆڵ نەکراو ڕوویانداو زەبری توندیان لە جەستەی کۆمەڵە وەشاند لە ڕووی گیانیو مادییەوە کەوتنە بەر باسو باسەکانی ناو ڕاپۆرتو ناو کۆنگرە بە هوشیاریو وریاییەوە ئەم خاڵەی

خەسارناسی کردو ڕێگەچارەی شیاوی بۆ دەستنیشان کرد.
بر حاکم شدن روحیه نظامی گری که اعزام واحدهای پیشمرگ را بدنبال داشت و در مواردی هم غیر قابل کنترل شد که صدمات و لگمات جانی سختی متحمل شدیم. کنگره بدرستی براین نکته انگشت گژاشت.

نوێنەرانی کۆنگرە لەم بەشەی ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیدا زۆر شەفافو ڕاشکاو هەموو کەمو کۆڕیەکانی کۆمەڵەیان خستە بەر باسو لێکۆڵینەوەو ڕەخنە. دۆخی کۆنگرە لەم کاتەدا سیمای حزبێکی هوشیارو زیندووو چالاکو کادرگەلێکی بەتواناو وریای نیشان دەدا کە، لە هەلو کاتی پێویستو شیاودا کەمو کۆڕیو خەسارەکان دەستنیشان دەکەنو بە گیانی بەرپرسیاریەتیەوە دەیانخەنە بەر ڕەخنە. خاڵە بەهێزو لاوازەکان دەستنیشان دەکەنو ماندوویەتیو بەرپرسیاریەتی سەرکردایەتیو کومیتەی ناوەندییان شایانی سپاسو پێزانین داناو بۆ دەوری داهاتوو پێشنیاری تایبەتیاندا. لە ڕاپۆرتی ڕێکخستندا کومیتەی ناوەندیی لێکدانەوەی بنەڕەتیترین ڕووداوو جۆری کارو هەڵسوکەوتی ئۆرگانە بنەڕەتییەکانی حیزبی کردبووە مەکۆی سەرنجی خۆی. خاڵە لاوازو خەسارەکانی بە ڕوونی دەستنیشان کردو بابەتە بەهێزو کارە شیاوەکانی یەکە ئەسڵیەکانیشی بە ڕوونی خستە بەر باس. هەروەها پرۆژەو شێوەی کاری کۆمەڵەی بۆ دەوری داهاتووی ئەو ئۆرگانە سەرەکییانە دەستنیشان کردو هێڵە ئەسڵیو ئاراستەکانی ڕوون کردەوە.

نوێنەرانی کۆنگرە لەم بابەتەدا ڕەخنە، چاوەڕوانیو پێشنیارەکانی خۆیان بە ڕوونی خستە ڕوو. ئاراستە گشتیەکان لەم بابەتەدا پێداگری

بوو لە سەر بە حیزبی بوونی زیاترو ئاسان کردنی پەیوەندی سەرەوەو خوارەوە لە حیزبداو هەروەها بەهێز کردنی ڕەوتی فێرکردنو بارهێنان لە یەکەکانی کۆمەڵەدا. ئەم ئاراستەیەش پەسەندی هەموان بوو. کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی 13ی کۆمەڵە بەرپرسیاریەتی دەستەبەر کردنی دیمۆکراسی نێو ڕێکخستنو بەهێز کردنی دیسیپلینی حیزبیو کاری بەکۆو هەنگاوهەڵگرتنی بەبڕست تریبۆ جێبەجێ کردنی پڕۆگرامی کۆمەڵە خرایە سەر شان.
بابەتێکی دیکەی کۆنگرە بریتی بوو لە، بەرنامەی سیاسی کۆمەڵە کە لە لایەن هاوڕێ جەلیل ئازادیخوازەوە وەک پێشکەشکاری ئەم بابەتە پێشکەش کراو کەوتە بەر باس. لە چەند مانگ پێش ئێستاوە دەستەی ئامادەکاری کۆنگرە لیژنەیەکی تایبەتی بۆ گۆڕانکاریو چاکسازی پێویست لە بەرنامەی سیاسی کۆمەڵەدا دیاری کرد بوو.
پاش باسو خواستی پێویست پێشنووسی چاکسازییەکان درایە کومیتەی ناوەندییو بە ڕەچاو کردنو بەدواداچوونیان لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندییدا، دوا پێشنووسی بەرنامە پێشکەشی نوێنەرانی کۆنگرە کرا. لە کۆنگرەدا بە پێی زەمانو تێبینیو ڕاو پێشنیارەکانی ئامادە بووان، بابەتی بەرنامە دەوڵەمەندو دەوڵەمەندتر بوو. لە ئاکامدا کۆنگرە بە تێکڕای دەنگ کۆی بەرنامەی سیاسی پێشنیار کراوی قبووڵ کردو بڵاو کردنەوەی خستە ئەستۆی کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی 13.
بابەتێکی دیکەی کۆنگرە پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە بوو کە لە لایەن هاوڕێ ڕەزا کەعبیەوە وەک پێشکەشکاری ئەم باسە، پێشکەش کرا. لەمەڕ پێڕەوی ناوخۆش هەر وەک بابەتەکانی دیکەی کۆنگرە، چەند مانگ پێش ئێستا دەستەی ئامادەکاری کۆنگرەی کۆمەڵە لە نێوان

ئەندامانی کومیتەی ناوەندییدا لیژنەی تایبەتی پێکهێنا بووو لە چەند کۆڕو کۆبوونەوەدا ڕەوتی ئەم بابەتە درابووە بەر باسو پێشنووسی ئامادە کراوی خرایە بەردەست نوێنەرانی کۆنگرەو پاش باسو خواستێکی هەمە لایەنەی نوێنەران، کۆبەندی گشتی پێڕەو بە زۆرینەی دەنگی نوێنەران پەسەند کراو بلاو کردنەوەی دوا دەقی پەسەندکراوی خرایە ئەستۆی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە.

دوابابەتی کۆنگرەی 13ی کۆمەڵە، هەڵبژاردنی کومیتەی ناوەندیی بوو. پێش دەنگدانو هەڵبژاردنو پرۆسەی بەربژێربوون باسو خواستی جیددیو چالاکانە لەمەڕ کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەو پێگەو جێگەو ئەرکو کارەکانی بەخەستی باسی لێکرا. پێشکەشکاری سەرەتایی ئەم باسە هاوڕێ عۆمەر ئیلخانیزادە بوو کە بە هاوبەشیو ڕادەربڕینی چالاکانەی نوێنەرانی کۆنگرە کەوتە بەر باسو خواستی هەمە لایەنەو ڕاشکاوانە.

لە ئەنجامدا کۆنگرەی کۆمەڵە پاش بەربژێر بوونی کۆمەڵێکی زۆر لە کادرەکانی کۆمەڵە بۆ کومیتەی ناوەندیی بە دەنگی زۆرینەی خۆی، 19 کەس لە هاوڕێیانی وەک ئەندامانی کومیتەی ناوەندییو ٦ هاوڕێی تریشی وەک جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژارد.

کۆنگرە لە سەرەتای سێهەمین ڕۆژی کاری خۆیدا ڕۆژی ٧ خەزەڵوەر بە بۆنەی ٢٥ مین سالرۆژی گیانبەختکردنی هاورێ دوکتۆر جعفەر شەفیعی بە خۆلکەیەک بێدەنگی یادو بیرەوەری ئەم سیماناسراو خۆشەویستەی کۆمەڵەو بزوتنەوەی چەپو سوسیالیستیو ئازادیخوازانەی گەلی کوردی بەرز ڕاگرت.

ئێوارەی ڕۆژی ١١ خەزەڵوەر بە ڕێورەسمێکی بەشکۆو حزبی بە هاورێیو هاوکاری ئەندامو کادرو پێشمەرگەکانی کۆمەڵەو بە وتەیەکی

هاوڕێ عومەر ئیلخانیزادە سکرتێری گشتی کۆمەڵە، کۆنگرە بە شێوەیەکی فەرمی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

**ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی ١٣ ی کۆمەڵە:**

1. جەلیل ئازادیخواز
2. عومەر ئێلخانیزادە
3. باقی تالیبولعێلم
٤. عوسمان خەلیلی
٥. خەلیل دەشتی
٦. وەلی ڕۆستەمی
7. جبرەییل ڕۆستەمی
8. رێبوار ڕەشید
9. سادق زەندی
10. هێرش عەلیزادە
11. بیژەن قوبادی
12. کەریم کەریمی
13. رەزا کەعبی
1٤. عەبدوڵا کۆنەپۆشی
1٥. فەریبا محەمەدی
1٦. سەعدی محەمەدپوور
17. موحسێن مورادی
18. نەوید مێهرئاوەر
19. عەتا ناسرسەقزی

**ئەندامانی جێگری کومیتەی ناوەندی:**

١-کەیوان سەنایی
٢-یادگار شێخولاسلامی
٣-ئەسعەد دورودی
٤-سەعدون کاکەباوە
٥-جعفەر محەمەدئەمینی
٦-فەرزاد محەمەدی

**کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**١٣ خەزەڵوەری ١٣٩١ یان ٣ نوامبری ٢٠١٢**